# پەیامی کۆنگرەی دەهەمی کۆمەڵە بۆ هاوڕێیانی زیندانیی سیاسی

**هاوڕێیان! هاوخەباتانی زیندانی!**

**ئێمە بەشدارانی کۆنگرەی دەهەمی کۆمەڵە سڵاو دەنێرین بۆ خوڕاگریتان بەرانبەر بە جەلادان و ئەشکەنجەدەران، سڵاو دەنێرین بۆ خۆڕاگری و دڵگەورەییتان لە ئاست حوکمی درێژخایەن و ناڕەوا و زاڵمانەی زیندان، سڵاو دەنێرین بۆ ئەمەگ و وەفاداریتان بە رێباز و بیروباوەڕی هاوبەشمان بەرانبەر بە خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە پێناو سۆسیالیزم و مافی رەوای گەلی کورد بۆ گەیشتن بە ئازادی و رزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی و هەڵاواردن و بێمافی.**

**رژیمی کۆنەپەرست و سەرکوتگەری ئیسلامی لە ئێران زیاتر لە هەموو شتێك بە هۆی گەندەڵی و سەرەڕۆیی و مڵهوڕیی دەزگای قەزایی و کردەوەی دڕندانە و نامرۆڤانەی بەرانبەر بە زیندانیان و بەتایبەت زیندانیانی سیاسی نێوزڕاو و جێگای نفرەت و بێزاری خەڵکی ئێران و هەموو ئێنسانێکی شەریف و پێشکەوتنخوازە لە جیهاندا.**

**هاوڕێیان!**

**ئەگەرچی کۆنگرەی دەهەمی کۆمەڵە لە نەبوونی ئێوەدا و بەبێ بەشداری ئێوە بەڕێوەچوو, بەڵام دڵنیاتان دەکەین کە مەودای نێوانمان و میلە و دیوارە بەرزەکانی زیندان نەیتوانیوە لە خەباتی رۆژانەماندا و لە سالۆنی کۆنگرە ولە گەرم و گوڕی و تەوەرەی باسەکانیدا بچووکترین کەلەبەرێك لە نێوان هەستی پێکەوە بوونمان و لە پاڵ ئێمە بوونتاندا پێك بێنێ.**

**کۆنگرەی دەهەمی کۆمەڵە، کۆنگرەی خۆسازکردن و خۆتەیار کردن بوو بۆ بەدەستەوە گرتنی هەرچی بەهێزتر و کاریگەرتری رێبەرایەتیی بزووتنەوەی گەورەو رەوای خەڵکی کوردستان لە پێناو ئازادی و رزگاری و، بۆ هەڵگرتنی هەنگاوی گەورە لە پێناو رێکخستنی خەبات و جووڵانەوەکانی خەڵکی چەوساوە و ژێردەستە بۆ وەدەست هێنانی ئازادی. ئێوە هاوڕێ لەگەڵ هەموو زیندانییە سیاسییەکانیتر لە سەرتاسەری ئێران بە خۆڕاگریتان لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا دەوری شیاو و کاریگەرتان هەیە لەو خەباتەدا.**

**بەو هیوایەی کە بەم زووانە سەر لەنوێ ئێوە لە پاڵ خۆماندا ببینینەوە دەستتان بەگەرمی دەگوشین و هیوای لەش ساغیتان بۆ دەخوازین.**

**کۆنگرەی دەهەمی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

**گەلاوێژی** 1383

**ئاگۆستی**2004

---

www.komala.org

Email: Komala1348@hotmail.com
Komala Office in Sulaimania:
Tel: **(0044704)3124711**
Mobile: **00447077537465**